# شكستی خورافە لەبەردەم عەقڵ و لۆژیكی گۆڕان

**نوری بێخاڵی**

دەڵێن لەوانەیە لە شوێنكاتی جیاوازدا ، رێك بكەوێ بەشێوەیەك لە شێوەكان ، ئەزموونەكانی مێژووی كۆمەڵگایەك ، بەروخسارێكی تر و لە توێی ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگیاندا خۆیان نمایش بكەنەوە. روونتر بڵێین هەمیشە مێژوو لەبەردەم ئەگەرەكانی دووبارەبوونەوە دایە ، پێم وایە ئەم هاوكێشەیە تا ئاستێك بۆ مێژووی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئێمەی كورد راستە ، بەتایبەتی ئەگەر پرۆسە بەردەوامەكانی ململانێ و كێبەركێی هێزی پێشكەوتوخواز و بەرەی دۆگما و كۆنەپەرست لەبەر چاو بگرین.

لەزۆربەی سەردەمە جیاوازەكانی مێژووی كورددا ، سەرەڕای ستەمی نەتەوایەتی و زوڵمی داگیركەران ، هاوكات دەبینین كە هێزگەلی تاریكی پەرست و رەوتی كۆنەپارێزی ناوخۆ كەوتوونەتە وێزەی هێزە پێشكەوتوخواز و مەیلە نوێخوازەكان، لەم رووەوە ئەزموونی زۆر و زەوەندمان لەبەردەستە، تەنانەت دەكرێ لە مێژووی سیاسی و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریناوچەكەی خۆماندا (سۆران) ئەو نموونە زیندوانە بدۆزینەوە.

كەس نییە ئەو راستییە مێژووییە نەزانێت " مەگەر شەمشەمەكوێرەكانی تاریكی و عەقڵی ئەشكەوت و ئەوانەی بەناوی حەقیقەتی رەها و پیرۆزییەوە سەرقاڵی خەساندنی عەقڵی خەڵكن و چاویان بەدیموكراسیەت و كرانەوە هەڵنایەت نەبێت" ، كە لە بیستەكانی سەدەی رابردوو، رۆژنامەنووس و مێژوونووسی ناوداری كورد " حوزنی موكریانی" لەسەروبەندی هێنانی چاپخانە بۆ رواندز و دەركردنی گۆڤاری "زاری كرمانجی" رووبەڕووی چ هێرش و شەڕپێفرۆشتن و تیر و توانجێكی نامرۆییانەی جەهل و نەفامی و تاریكی و كۆنەپەرستی بووەوە و تا چەند بێویژدانانە هەوڵی لەكەداركردنی ئەو كەسایەتییە و تەنانەت شاربەدەركردنی درا، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو كەڵە مێردە بەو هەنگاوەی خۆی شانس و دەرفەتی ئەوەی لەدەست ئەو كەس و هێزە چەواشەكارانەدا كە چیتر نەتوانن كۆمەڵگا بەخورافە و وەهمە پوچەكانیان وەك مێگەل لێبخوڕن ، چەشنی ئەوەی سەلەفەكانیان بەبانگەشەیەك "كلمة حق یراد بها باطل" بەسەر ئیمارەتەكەی سۆرانیان هێنا.

هەمووما لە دووتوێی بەڵگە مێژووییەكاندا و تەنانەت لە دەمی هەندێك لەوانەی كە ئێستا لە ژیاندا ماون و ئەو چركەساتانە و ئەو رۆژانەی سەردەمی "داماو"یان وەك فیلم بەبەرچاوی یادەوەریدا رەت دەبێت دەبینین و دەبیستین كە چۆن ئەو كاراكتەرە كاڵفام و تاریكبینانە ، زۆر دڵڕەق و بێبەزەییانە دنەی

خەڵكی نەخوێندەوار و فریودەریان داوە كە دیوارەكانی خانووی چاپخانە بڕوخێنن و پیتەكانی كە شەونخونی لەسەر دروستكردنیان كردبوو هەپرون بەهەپرون بكەن و بفەوتێنن و لەناو خەڵكی رەشۆكی و خۆشباوەڕ و چاوبەستە بەبیانوی پووچ سوكایەتی بەو كەسایەتییە مەزنە بكەن. بگرە زۆر كەڕەت خودی ئەو عەقڵە كلۆمدراوانە راستەوخۆ و لەڕێی مەرایی و مامەحەمەییكردن بۆ دەسەڵاتی ئەوكات سەرگەرمی چنینەوەی تەونی لەداوخستن و كوشتنی خەونە نیشتمانی و نەتەوەییە جوانەكانی "حوزنی" بوونە.

ماوەیەكیش پێش ئێستا كە زۆر دوور نییە ، هەمان هەڵوێستی كۆنەخواز و دژە پێشكەوتن لەلایەن هەمان كاراكتەر و وەجاخزادە جاهیلەكانی دوژمنی ئازادی تاكەكەس و پرۆژە نوێخوازەكان ، هەر لەو دەڤەرە مۆرانە لێدراوەی ئێمەدا ، پڕۆژەیەكی گەنجانەی روناكبیری ئازاد و نوێخواز ، كەوتە ژێر بێبەزەیی چەقۆی ژەنگاوی و خەنجەری پاشەملی (ئاخر ئەوان پیاوی شەڕی رووبەڕوو نین !) ئەو هێزەی جەهل و تاریكی پەرست .. وا ئێستا و لەم رۆژانەش هەمان هەڵوێستی ژەهراوی و لەلایەن هەمان گوتاری پاشڤەڕۆ و كۆنەپەرست ، كە شەڕێكی پێشوەختە و بێ چەندووچوونی بێ بیانو و پاساوی عەقلانی و لۆژیكی راگەیاندووە ، هەمان عەقڵی نەزۆك و بیری ئیفلیجی ئاوس بە نەخۆشییەكانی خۆبەپیرۆزگرتن و خۆسەپاندن ، لە هەمبەر پڕۆژەیەكی نوێ و بەرفراوانی روناكبیری و راگەیاندن و دیموكراسی و نوێخواز ی كەوتنە تەقەی كوێرانە ...پڕۆژەیەك كە بەرهەمی كارو بەرنامە و دنیابینی سەردەمیانە و پرۆسەیەكی دەستەجەمعی گەنجانەیە و گەرەكیەتی ببێتە سەكۆیەكی ئازاد و كراوەی بەردەم بەهرە و توانای لاوان (بەهەردوو رەگەزەكەیەوە) و كردنەوەی دەرگا بەڕوویاندا و دەربازكردنیان لەژێر مەترسی و هەژموونی تەلقین و فریودان .

واتە ئەو دەستەواژەیە راستە كە دەڵێ : مێژوو خۆی دووبارە دەكاتەوە ، ئەوە نییە بەچاوی خۆمان بینیمان و دەبینین كە هەمان ئەزموونەكانی دوێنێ و لەلایەن هەمان كاراكتەرەكانەوە و بەهەمان پاساو و بیانوی كۆنەپەرستانە و بەرگ و ناوەرۆكییان خۆیان دووبارەوە دەبارە دەكەنەوە !

ئەو هەناسە ژەهراوی و دەستە بكوژانە ( بەمانا ماددییەكەی نا ) و عەقڵە چەقبەستوانە لەو شەڕە دۆڕاوەیاندا چاویان دوو راستی نابینن ..عەقڵیان بەسەر دوو حەقیقەتدا ناشكێ..هۆشیان درك بە دوو واقیع ناكات . ئەوانیش بریتین لەوەی كە لەلایەك ئیدی دوای پرۆسە دڕندە و ئابڕووبەر و نامرۆڤانەی گروپەكەی "یا شێخ" ، پەیوەندی و رایەڵەكانی هاوسەنگەری ( دەسەڵات و هێزی خورافە وتەلقین) ، كەبەرهەمی چەواشەكاری و مەراییكردن و خۆبچوككردنەوەی ئەو بەڕێزانە و هەڵوێستی دڕدۆنگ و هەلپەرستانەیانە لەبەرمبەر دەسەڵات ، خەریكە لەباریەك هەڵدەوەشێتەوە و چیتر كۆمەڵگای كوردی بارتەقای ئەو داخراوییە ئاییندەكوژ و بەرگەی فرت و فێڵ و فریودانی ئەو هێزە كۆنەپارێزە ناگرێ..

هاوکاتیش هەلومەرج و ژینگە و زەمینـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکانی گۆڕان و پێشـکەوتن و کرانـەوەی دەسەڵات و ئۆرگانەکانی و ساتەوەختی سەرکەوتنی پرۆژەکە لەبارن ، تـاکو ئـەو هێـزە نوێیـەی گـۆڕان و نوێبوونەوەیە بە گوڕ و تین و ئیرادەیەکی باوەڕمەندانەی وا بێتە گۆڕەپان، بەشـێوەیەك کـە بـواری ئـەوە نەدەن ئەو عەقڵە داخراوانەی سەدە تاریکـەکان زاتـی نـەك رووبەڕووبوونـەوەی پرۆسـەی گـۆڕان نەکـەن، بەڵکو زاتی ئەوە نەکەن خەونیش بەوەوە ببینن کە ئاسۆی بەرچاویان لێڵ بکەن .

دەبێ بۆ ویژدان و مێژوو ئەوەش بڵـێین کـە هەنـدێ کاراکتـەر لـە نائاگاییـەوە خزاونەتـە نێـو ئـەو پرۆسـە جەهەنەمییەوە ، لەهەرەمی داڕشتنی ئەو پیلانە ناحەزییە و بەڕیوەبردنی ئەو بەرنامەیەدا ، تـەنها دوو تـا سێ کاراکتەر کە بەدەسـت نەخۆشـی گرتنـە دەسـتی پۆسـت و پلـە و پایـە گیرۆدەبوونـە و بازرگـانی بـە کۆمەڵێ بەهای جوانی نێو کۆمەڵگاشەوە دەکەن و بەردەوام خەریکی مەراییکردنن رۆڵی پاڵەوان دەگێڕن.

دەبـێ ئـەو هێـزە کـە جورئـەتی رووبەڕووبوونـەوەی نییـە ، بگاتـە ئـەو بڕوایـەی کـە ئیـدی تێکشـکاندنی پەیکەرەکانی پیرۆزی و وەهم و خورافە بۆتە دیفاکتۆ و خەریکە لـە تـوێی پرۆسـەیەکی رەخنـەیی ئـازاد و بوێرانەی خۆخوێندنەوەدا لەناو کایـەکانی کۆمـەڵگای کـوردی و بـەخودی دەسەڵاتیشـەوە (ناڕاسـتەوخۆ) دەبێتە واقیعێکی بەرجەستە ، هاوکات ئـەو بڕوایـە دەچەسـپێ کـە لەمـەودوا هـیچ شـتێك و هـیچ کەسـێك لەسەرووی پرسیار و گومانەکانی عەقڵ و نەشتەری رەخنەوە نییـە و هـیچ کـەس و دامـەزراوە و نازناوێـك لەسەرووی سەروەری و بـەها و پـیرۆزی مرۆڤبـوونی خـودی مرۆڤـەوە نییـە (بـە دەسـەڵات و سـتراکتۆری کۆمەڵایەتی و دەقی بەپیرۆزکراو و ئەو کەسـانەش کـە بـەرگی تەوەتـەمیان کردۆتەبـەر و ناوونازنـاوی زل زلیان بەباڵای خۆیاندا بڕیوە) .

خوێندنەوەی ورد و عەقڵانی بۆ هەلومەرجی هەنووکەیی کۆمەڵگاکەمان ، گومانی ئەوەمان لەلا ناهێڵێتەوە کە ئـەو هێـزە کۆنەپەرسـتە ، لـەو شـەڕە پێشـوەختەی کـە بـێ پێشـمەرج و پاسـاوی لـۆژیکی و مـۆراڵی رایگەیاندووە وجگە لـە فـزولی یـەك دوو کـەس ، دۆڕاو و بێهـودە دەبێـت ، چـونکە دەمێکـە گوتوویانـە : سێبەر چۆن راست دەبێتەوە کە دارەکە خۆی خوار بێت؟!